Ministry of Justice and Security

# تۆ دەستگیر کراویت لەسەر بنەمای فەرمانی دەستگیرکردنی ئەوروپی و بردراویت بۆ بنکەی (پۆلیس) یان شوێنی لێکۆڵینەوەی بۆ لێکۆڵینەوە.

## Koerdisch (Sorani)

یەکێک لە ئەندامانی وڵاتانی ئەوروپای یەکگرتو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ تۆ دەرکردوە، لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتبار کراویت بە کارێکی نایاسایی یان تۆ پێشتر لە لایەن دادگاوە بڕیارت لەسەر دراوە لە دادگای وڵاتێکی ئەوروپی. ئەو وڵاتە داوای لە هۆڵەندا کردوە تۆ تەسلیمی ئەوان بکاتەوە، ئەوە هۆکاری دەستگیرکردنەکەتە لە لایەن پۆلیسەوە، یان لە لایان پۆلیسی سنورەوە یان لێکۆڵەوەرانی هۆڵەندی. زۆر گرنگە بزانیت مافەکانت چین. هەربۆیە ئەم زانیاریانە باش بخوێنەوە.

## چی چاوەڕیی تۆ دەکات؟

تۆ دەستگیر کراویت و تۆیان بردوە بۆ مەرکەزی پۆلیس. داواکاری گشتی، یان( یاریدەدەری) داواکاری گشتی، بڕیار دەدات ئایا تۆ دەبێت لە مەرکەزی پۆلیس بمێنیتەوە. تۆ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ زۆرتین لە مەرکەزی پۆلیس دەمێنیتەوە. لە هەندێک کاتددا داواکاری گشتی دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر ئەوەی زیاتر لە سێ ڕۆژ لە مەرکەزی پۆلیس بمێنیتەوە. ئێمە ئەوە ناودەبەین بە `زیندان کردنی تەسلیمکردنەوە`.

- لە ماوەی سێ – یان زۆرترین شەش ڕۆژ دەبرێیتە بەردەمی دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای ئەمستەردام. دەدوەری لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی بە زیندانی بتهێڵنەوە یان نا. ئەگەر وا بێت، ئەوکات دەتبەن بۆ زیندانی گەورە.
- لە ماوەی شەشت ڕۆژ – زۆرترین لە ماوەی نەوەد ڕۆژ دادگایەکی کراوەت بۆ دادەنێن لە دادگای ئەمستەردام. لە کاتی دانیشتنی دادگادا بڕیار لەسەر ئەو فەرمانی دەستگیرکردن و تەسلیم کردنەوەیە دەدرێت بۆ وڵاتێکی ئەندامی ئەوروپای یەکگرتو. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە ئامادەی ئەو دانیشتنەی دادگا بیت( لەگەڵ پارێزەرەکەت) وە گوێتان لێ دەگیرێت لە لایەن دادگای ئەمستەردامەوە. بەڵام تۆ دەشتوانیت هەڵبژێریت بۆ ئەوەی نەچیتە دانیشتنی دادگاوە.
- خۆت ئامادەی دانیشتنی دادگا نیت؟ ئەوکات پارێزەرەکەت دەتوانێت پارێزگاریت لێ بکات و بە ناوی تۆوە قسە بکات. ئەگەر تۆ `زیندان کردنی تەسلیمکردنەوە`. هەڵوەشابێتەوە ئەوکات تۆ **ئیجباریت** ئامادەی دانیشتنی دادگا ببیت.
- دادگای ئەمستەردام دوای دوو هەفتە بڕیار دەدات دوای دانیشتنی دادگا کە ئایا ڕێگا بدات بە تەسلیم کردنەوەت یان نا. ئەگەر ئەوان ڕێگا بدەن تەسلیم بکرێیتەوە، ئەوا لە ماوەی دە ڕۆژدا تەسلیمی ئەو وڵاتەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپات دەکەنەوە.

## ڕێکاری کورتکراوە

تۆ دەتوانیت هەڵبژێریت کە ڕەزامەندی دەرببڕیت بەوەی کە تەسلیمی ئەو وڵاتەی یەکێتی ئەوروپات بکەنەوە کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردویت. ئەوکات تۆ لە دادگای کراوە گوێبیستت نابن لە دادگای ئەمستەردام. ئەگەر تۆ ڕازی بیت بە تەسلیم کردنەوەت، ئەوکات ڕێوشوێنە یاسیایەکان خێراتر دەبێت.

تۆ دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا بەرامبەر دادوەر دانیشیت و پێی ڕابگەێنیت کە تۆ خواستی ئەوەت هەیە تەسلیمت بکەنەوە. پارێزەرەکەت دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە ببێت. ئەوەش ناو دەبرێت بە `ڕێکاری کورتکراوە`. ئەگەر دادوەر ڕەزامەندی دەرببڕێت بە تەسلیم کردنەوەت، ئەوکات لە ماوەی دە ڕۆژدا تەسلیمی ئەو وڵاتەنی ئەندامی ئەوروپای یەکگرتوت دەکرێیتەوە.

ئەگەر تۆ ڕەزامەندی دەربڕیت لەسەر تەسلیم کردنەوەت کاریگەری هەیە:

- ئەگەر تۆ بەرامبەر دادوەر ڕەزامەندی دەربڕیت بە تەسلیمکردنەوەت ، ئەوا دواتر ناتوانیت لەو بڕیارە پاشگەز ببیتەوە؛

گرنگە کە بە باشی لەگەڵ پارێزەرەکەت گفتوگۆ بکەیت پێش ئەوەی هەڵبژێریت کە ڕازیت بە تەسلیمکردنەوەت.

## مافەکانی تۆ چین؟

- تۆ دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکان نەدەیتەوە( مافی بێدەنگیت هەیە)؛
- تۆ مافی ئەوەت هەیە یارمەتی یاسایی بدرێیت لە لایەن پارێزەرەوە؛
- تۆ مافی ئەوەت هەیە وەرگێڕت هەبێت؛
- تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای یارمەتی تەندروستی بکەیت.

### مافی بێ دەنگی

تۆ لەم ڕێکارانەدا پێویست ناکات لە هیچ کاتێکدا وەڵامی هیچ پرسیارێک بدەیتەوە. پێویست ناکات وەڵامی پرسیارەکانی ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە، (یاریدەدەری) داواکاری گشتی یان دادوەری پشکنین بدەیتەوە.

### مافی پارێزەر

تۆ مافی ئەوەت هەیە یارمەتی یاسایی بدرێیت لە لایەن پارێزەرەوە. پۆلیس محاولە دەکات دوای دەستگیر کردنت بە زوترین کات پەیوەندی بکەیت بە پارێزەرەوە. ئەگەر خۆت پارێزەرێک دەناسیت بتەوێت لەگەڵی گفتوگۆبکەیت، ئەوەش ئاساییە و دەبێت. ئەگەر تۆ پارێزەری تایبەت بە خۆتت هەیە تکایە بەزوترین کات بە پۆلیسەکان بڵێ، کە تۆ پارێزەری خۆتت دەوێت.

تۆ دەتوانیت هەمو کات بە متمانەوە لەگەڵ پارێزەرەکەت گفتوگۆ بکەیت. بە بێ ڕەزامەندی تۆ پارێزەرەکەت بۆی نیە باسی کەیسەکەی تۆ لەگەڵ هیچ کەسێک بکات. تۆ بۆی هەیە زۆرترین نیو کاتژمێر لەگەڵ پارێزەرەکەت گفتوگۆ بکەیت لەسەر کەیسەکەت، پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە دەست پێ بکات لە لایەن (یاریدەدەری-) داواکاری گشتی.

پارێزەرەکە دەتوانێت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لەوێ ئامادە بێت. بۆی هەیە کەمیک کاتی بوێت تا پارێزەرەکەت دەگاتە مەرکەزی پۆلیس، جار جارە هەیە کە ئەوە سەرناگرێت. لێکۆڵینەوە دەتوانێت دەست پێ بکات ئەگەر پارێزەرەکەت هات. مەگەر خۆت بڵێیت من نامەوێت یارمەتی یاسایی بدرێم وپێویستم بەوە نیە کە پاریزەر ئامادەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێت. دوای لێکۆڵینەوە (یاریدەدەری-) داواکاری گشتی بڕیار دەدات کە ئایا دەبێت زیاتر لە مەرکەزی پۆلیس بمێنیتەوە.

ئەگەر پۆلیس داوای پارێزەر بۆ تۆ بکات، پێوسیت ناکات خۆت مەسرەفی ئەو پاریزەرە بدەیت.

بەڵام ئەگەر خۆت پارێزەر هەڵبژێریت، دەبێت لە چەند حاڵەتێکدا خۆت پارەکەی بدەیت.

ناو زانیاری کەسیت دەدرێتە دەزگای یارمەتی یاسایی و لەوێ ناوت تۆمار دەکرێت.

تۆ دەشتوانیت داوا لە داواکاری گشتی بکەیت کە پارێزەرێکت بۆ بگرێت لە وڵاتێکی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەو وڵاتەی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردویت. ئەو پارێزەرە دەتوانێت پارێزەرە هۆڵەندیەکە ئاگادار بکاتەوە و زانیاری لەسەر کەیسەکەت بدات، لەسەر ئەو کەیسەی لەو وڵاتەی یەکێتی ئەوروپا کە فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرکردویت.

حکومەتی ئەو وڵاتەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کە فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەرکردویت، دەتوانن زانیاریت بدەنێ لەسەر ئەوەی کام ڕێگایەت لەبەردەمدایەو پارێزەرت بۆ دابین بکەن.

ئەوەیان دەبێت خۆت بەدواچونی بۆ بکەیت، بەڵام پارێزەرە هۆڵەندیەکە دەتوانێت لەو بوارەدا یارمەتیت بدات.

### پارێزەر چی دەکات؟

پارێزەرەکە پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی تۆ دەکات وە لە کاتی بەڕیوەچونی تەسلیمکردنەوەکەت لەگەڵت دەبێت: لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، لە کاتی چونە بەردەم دادوەری (- لێکۆڵینەوە) ، وە لە کاتی دانیشتنی دادگای کردن لە دادگای ئەمستەردام.

پارێزەر:

- بۆتی ڕوون دەکاتەوە ئەم ڕێکارانە چۆنن؛
- بۆتی ڕوون دەکاتەوە مافەکان و ئەرکەکانت چین؛
- ئامۆژگاری یاساییت پێدەدات؛
- کەس و کارت ئاگادار دەکاتەوە، یان هاوڕێ و خاوەنکار لەو حاڵەی تۆی تێدایت(ئەگەر خۆت بتەوێت)؛
- پەیوەندی دەکات بە پارێزەرەکەتەوە لەو وڵاتەی کە داوای ئەوەی کردوە تۆی تەسیم بکرێتەوە؛
- دەتوانێت بە ناوی تۆوە قسە بکات لە دادگادا.

### مافی وەرگێڕ

مافی ئەوەت هەیە کە وەرگێڕت هەبێت ئەگەر زمانی هۆڵەندی نەزانیت یان بە ئەندازەی کافی تێنەگەیت. ئەگەر کەمێک هۆڵەندی بزانیت یان قسە بکەیت هێشتا هەر مافی ئەوەت هەیە وەرگێڕت بۆ بهێنن. بە پۆلیسەکان بڵێ کە تۆ بە باشی لەوان تێ ناگەیت، ئەوجا دەتوانن وەرگێڕت بۆ بانگ بکەن.

وەرگێڕەکە دەشتوانێت کاری وەرگێریت بۆ بکات لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ پاریزەرەکەت. وەرگێڕەکە بۆی نیە باسی کەیسەکەت بکات بە بێ ڕەزامەندی خۆت. خۆت پارەی وەرگێڕەکە نادەیت.

### مافی چاودێری پزیشکی

تۆ مافی چاودێری پزیشکیت هەیە. ئەگەر هەستت کرد نەخۆشیت بە پۆلیسەکان بڵێ، کە دەتەوێت لەگەڵ دکتۆر قسە بکەیت یان بڵێ یارمەتی پزیشکیت پێویستە. ئەگەر دەرمانیش بەکار دەهێنیت بە پۆلیسەکان بڵێ(یان دەرمانت پێویستە).

**مافەکانی ترت**
تۆ مافی ئەوەت هەیە کۆپییەکی فەرمانی دەستگیرکردنەکەت داوا بکەیت.
ئەگەر فەرمانی دەستگیرکردنەکە بە زمانێک بو کە تۆ ئەو زمانە تێ ناگەیت، مافی ئەوەت هەیە خاڵە گرنگەکانت بۆ وەرگێڕن.

تۆ خاوەنی ڕەگەزنامەی هۆڵەندی نیت، ئەوا دەتوانیت لە لێکۆڵەرەوەکان داوا بکەیت کە دەتەوێت پەیوەندی بکەن بە سەفارەتی وڵاتەکەتەوەو وە ئەوان ئاگادار بکەنەوە کە تۆ دەستگیرکراویت.

## پرسیار؟

ئایا پرسیارت هەیە؟ ئەوا پرسیارەکانت ئاڕاستەی پارێزەرە هۆڵەندیەکەت بکە یان پرسیار لە لێکۆڵەرەوەکان بکە.

**بڵاوکراوە**
زانیارییە بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس و
هەرێمەکانی ئاسایشی سەر بە وەزارەتی داد و ئاسایشە

سندوقی پۆست 20301 | EH 2500 لاهای

تشرینی یەکەمی 2024 | 24407239

ناتوانیت هیچ مافێک لە ناوەڕۆکی ئەم لاپەڕەی زانیارییە وەربگریت.

POLITIE